زانكۆی سەلاحەدین – هەولێر
Salahaddin University – Erbil

# گوندی بادەوان

## ١٩٥٨-٢٠٠٣

### لێکۆڵینەوەیەکی مێژووییە

### لە بووارەکانی جوگرافی و ئابووری و کۆمەڵایەتی و ڕۆشنبیریی و سیاسی

ئەم توێژینەوەیە پێشکەشکراوە بە سەرۆکایەتی بەشی (مێژوو) وەک بەشێک لە پێداویستییەکانی بەدەستهێنانی بڕوانامەی بەکالۆریۆس لە زانستی (مێژوو)

ئامادەکراوە لەلایەن قوتابی:

**گەیلان پشتیوان عەبدوڵڵا بادەوانی**

بەسەرپەرشتی:

**د.هۆشەنگ ساڵح نەجارٍ**

**نیسان - ٢٠٢٤**

بسم الله الرحمن الرحمن الرحيم




سورة طه (١١٤)

## پێشکەشە

ئەم توێژینەوەیە پێشکەشە بە:

- ✓ گەلی کورد لە هەر چوار پارچەی کوردستان.
- ✓ سەرۆکایەتی بەشی مێژوو و مامۆستا بەڕێزەکان.
- ✓ دایک و باوکم کەوا هەردەم پاڵنەر و ڕێنیشاندەرم بوونە بو درێژە دان بە خوێندن.
- ✓ سەرجەم خزم و دۆستەکانم.

## سوپاس و پێزانین

- بۆ خوای گەورە و میهرەبان، کە یارمەتی داین بۆ ئامادەکردن و نووسینی ئەم توێژینەوە.
- خانەوادەکەم کە ڕەنج و ماندووبونێکی زوریان لەگەڵمدا کێشا.
- سەرپەرشتیارەکەم د.هۆشەنگ ساڵح نەجارٍ بۆ سەرپەرشتیکردن و پێدانی زانیاری و دەوڵەمەندکردنی توێژینەوەکەم.
- هەموو ئەو هاوڕێیانەی کە ئەگەر بەوشەیەکیش بێت یارمەتیدەرم بوون، بۆ ئەنجامدانی ئەو توێژینەوەیە.

## هێما کورت کراوەکان

**أ- هێما کورتکراوەکان بە زمانی کوردی**

| | |
|---|---|
| ل | لاپەڕە |
| ل ل | لاپەڕەکان |
| ب.س | بێ ساڵی چاپ |

## ناوەڕۆک


| بابەت | لاپەڕە |
|---|---|
| پێشەکی ........................................ | (٧) |
| تەوەری یەکەم | |
| ناو و جوگرافیا و مێژووی دروستبوونی گوندی بادەوان........................ | (٩) |
| تەوەری دووەم | |
| لایەنی ئابووریی و کۆمەڵایەتی گوندی بادەوان........................ | (١٥) |
| تەوەری سێیەم | |
| لایەنی ڕۆشنبیری و سیاسی گوندی بادەوان........................ | (٢١) |
| ئەنجام ........................................ | (٢٩) |
| لیستی سەرچاوەکان و ژێدەرەکان........................ | (٣٠) |
| پاشکۆ........................................ | (٣٢) |

## پێشەکی:

گوندەکانی باشووری کوردستان بە درێژایی قۆناغەکانی مێژوو کاریگەرییان کردووەتە سەر تەواوی مێژووی کوردستان و بزووتنەوە ڕزگاریخوازەکەی، ئەو ڕووداوانە فروان و گشتگر بوون کە تەنها لە ناوچەیەک قەتیس نەمابوونەوە، بەڵکو تاکی کورد لە گشت ناوچە جیاجیایەکان بەشدار بوون لەو پەرەسەندنانە.

گوندی بادەوان یەکێک بووە لەو گوندە دیارانەی کوردستانە، کە بەشداری باری ئابووری و کۆمەڵایەتی و سیاسیی کوردستانی کردووە. چ لە ڕێگای بەشداری ڕاستەوخۆ لە ڕووداوەکان بوبێت، یاخود بەشدارییکردن بە شێوازی ڕۆشنبیریی و سیاسی، لە زۆر ڕووداو و گۆڕانکارییەکاندا. خەڵکی جووتیار و نیشتیمانپەروەری بادەوان جێپەنجەیان لە بوارەکانی ئابووری و کۆمەڵایەتی و سەر مێژووی بزاڤی ڕزگاریخوازی کوردی لە باشووری کوردستاندا دیار بووە، ئەمە وێڕای پێگەی ئابووری و کۆمەڵایەتییانەی گوندەکە، کە هەمیشە نموونەی گوندێکی کوردەواری دیاربووە، توانیویەتی تا ساڵانێکی زۆر پێگەی کەلتووری و داب و نەریتی باب و باپیرانی بپارێزێت.

هۆکاری سەرەکی هەڵبژاردنی ئەم بابەتە بۆ توێژینەوەکەم بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە گوندەکە، بۆ خوێنەرانی کورد ناڕوونە و کەمتر خراوەتە ناو چوارچێوەی لێکۆڵینەوەی مێژوویی، ڕەنگە لای زۆربەی خەڵک ناوەکەشی نامۆ بێت، کە ئایا ناوەکەی لە چییەوە هاتووە و کەوتووەتە کام شوێنی کوردستان؟ ئەمە لە کاتێکدا ڕۆڵی بەرچاوی هەبووە لە ژیانی ڕۆشنبیری و سیاسی نکوردستان، سەرباری ئەو ڕۆڵە کاریگەرەی هەیبووە، کەچی کەمتەرخەمی کراوە لەوەی جەخت لەم گرنگی و کاریگەرییە کرابێتەوە. هیوادارم منیش دەرحەق بەو گوندە کەمتەرخەمیم نەکردبێت .

هۆکاری هەڵبژاردنی ئەو ناونیشانە :

دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی کە خانەوادەکەی من خەڵکی ئەو گوندەن، بەڵام لە زۆر شتی گوندی باب و باپیرانم، شارەزاییم نەبوو، پرسیارم دەکرد ڕۆلی ئەم گوندە چی بووە؟، دواتر بۆ دەرکەوت کە گوندەکە نموونەی گوندێکی ناسراوی ئەو ناوچەیە بووە، رۆڵێکی

دیاری هەبووە لە بواری ئابووری و کۆمەڵایەتی و ڕۆشنبیریی و سیاسی ناوچەی خەلان بەتایبەتی و کوردستان بە گشتی، بۆیە دوای ڕاوێژ و گفتوگۆ لەگەڵ مامۆستای سەرپەرشتیارم، بریارم دا توێژینەوەکەم لە سەر ئەم ناونیشانە بێت.

پێکهاتەی توێژینەوەکە:

ئەم توێژینەوە، لە پێشەکی و چوار تەوەر پێکهاتووە، هەر تەوەرێک دابەشی چەند باسێک کراوە، لەگەڵ ئەنجام و پاشکۆ و لیستی سەرچاوەکان، تەوەری یەکەم بەناوی جوگرافیا و مێژووی دروستبوونی گوندی بادەوانە، باسی هەریەک لەم لایەنانەی گوندەکە کراوە، بەتایبەت مێژووی دروستبوونەکە و ناوی گوندەکە کە لە چیەوە هاتووە. تەوەری دووەم باس لە لایەنی ئابووری گوندی بادەوان دەکات، ئەویش لە چەند باسێک پێک دێت پێک، وەک لایەنی کشتوکاڵ و ئاژەڵداری و ڕۆلی ئەمانە بەگشتی، تەوەری سێیەمیش بە ناونیشانی (ڕەوشی سیاسی گوندی بادەوانە) کە باس لە کاریگەری گوندەکە دەکات لەسەر ڕەوشی سیسی کوردستان و بەشداری گوندەکە ڕووداوە سیاسییەکان. تەوەری چوارەمیش، لایەنی ڕۆشنبیری و کۆمەڵایەتی گوندەکەی لە دوو باسی جیاوازدا گرتووەتە خۆی.

شیکردنەوەی سەرچاوەکان:

لە نووسینی ئەم توێژینەوەیەدا، سوودی زیاترم لەسەرچاوەی مەیدانی و چاوپێکەتنە تایبەتەکان وەرگرتووە، ئەمەش دەگەڕێتەوە، بۆ کەمی سەرچاوەی نووسراو دەربارەی گوندەکە، ئەوەی لە هەموویان زیاتر سوودم لێ بینی بێت، یەکێک لە کەسایەتییە ناسراوەکانی گوندی بادەوان بووە، بەناوی م.هاوکار، کە گەلێک بیرەوەری مێژوویی گوندەکەی لایە. هەروەها هەریەک لە م.سالار و مامۆستا ڕەسوول جەلال و ئەوانیدیکەش، زانیاری گرنگیان بۆ ئەم توێنەوەیە دابین کردووە. لەگەڵ ئەمانەدا چەند کتێبێکیش سوودیان لێ وەرگیراوە، وەک کتێبەکەی عەبدوڵڵا غەفوور بەناوی جوگرافیای گوندەکانی کوردستان و چەند سەرچاوەیەکی دیکە. هەروەها سوود لە چەند پێگەیەکی ئینتەرنێتیش وەرگیراوە، کە ئەوانیش هاوکاربوون، بۆ زانیارییەکانی ناو ئەم توێژینەوەیە.

لە کوتاییدا ، ئەم توێژینەوە وەک هەر توێژینەوەیەکی دیکە لە هەڵە و کەموکوڕی بە دەر نیە، ئەگەرچی هەوڵی زۆرمان داوە، تا دەکرێت لەم هەڵانە بە دووربین، لەو کەموکوڕییانەش ئەوەبوو، کە بەهۆی سەرقاڵی لە رادەبەدەرمان نەمانتوانی توێژینەوەی مەیدانی و چاوپێکەوتنی زیاتر ئەنجام بدەین. سەرەڕای ئەوەش هیوادارم خزمەتێکی زانستیمان لەم بابەتەوە پێشکەشکرد بێت.

## تەوەری یەکەم

# ناو و جوگرافیا و پوختەی مێژووی دروستبوونی گوندی بادەوان

### ١. ناو و هەڵکەوتەی گوندی بادەوان:

بادەوان[١] گوندێکە لە ناحیەی خەلەکان، لە پارێزگای سلێمانی یەکێکە لە گوندەکانی باشووری کوردستان، شوێنیکی گرنگی هەیە، لە ڕووی کۆمەلایەتی و ئابووری و سیاسییەوە. ناوی گوندی (بادەوان)، بەپێی سەرچاوەیەک لەوشەی (بادانەوە)وە هاتووە، بەهۆی ئەوەی گوندەکە کەوتۆتە شوێنێک کە بەرەو خەلەکان دەرۆیت، لۆفەیەک دێتە بەردەمت بە لۆفەی (ئەحمەد ئاغا) ناسراوە، کە لەو لۆفەیە بادەدەیتەوە گوندەکە دەکەوێتە پێش چاوت بەهۆی ئەو (بادانەوە) یە بۆتە گوندی بادەوان[٢]. بۆچوونیکی دیکە دەلێت بادەوان بەهۆی شوێنی جوگرافیاکەیەوە ناوی هاتووە، کە دەڵێن ئەم گوندە ڕوو لە ( بایە) و بایەکی زۆر دەیگرێتەوە یان وەک دەڵێن هەمیشە بای لێ هاتووە، بۆیە ناویان لێ ناوە (بادەوان) [٣].

سەبارەت بە هەڵکەوتەی جوگرافی گوندی (بادەوان)، گوندەکە ٤٠ کم لە ناوەندی قەزای دووکان و ٨کم لە ناحیەی (خەلەکان)ەوە دوورە[٤]. کەوتۆتە سەر هێڵی درێژی (٧٤٧.٤٤) و هێڵی پانی ( ١٠٩٧.٣٥)، وە ڕوپێوییەکەی بە دۆنم (٩٤٨٨) کم، بەپێی

---

([١]) چەند گوندێک لەکوردستان بەوناوە هەن، ئەو گوندەی ئێمەش باسی دەکەین زیاتر بە بادەوان ناوی دێت .

([٢]) چاوپێکەوتن لەگەل م . هاوکار عباس لە گوندی بادەوان لە ڕێکەوتی ٢٠٢٣/١٠/٢٧ لە سالی ١٩٨٣ لەدایک بووە ، لە گوندی بادەوان بەرێوبەری قوتابخەی بادەوانە.

([٣]) چاوپێکەوتن لەگەل حیسامەدین جەواد لە گوندی بادەوان لە ڕێکەوتی ٢٠٢٣/١٠/٢٧ لە سالی ١٩٧٠ لەدایکبووە ، لە گوندی بادەوان خەریکی کاری جووتیارییە .

([٤]) چاوپێکەوتن لەگەڵ م. سالار ڕەسول لە گوندی بادەوان، لە ڕێکەوتی ٢٠٢٣/١١/١٠ لە ساڵی ١٩٨٩ لەدایکبووە، لەگوندی بادەوان مامۆستایە.

سەرژمێری ژمارەی دانیشتووانی لە سالی ١٩٧٧ (٢٧٦) کەس بووە، لە سالی ٢٠٠٩ ژمارەیان (٢٢٥) کەس بووە ژمارەی ماڵەکان لە گوندەکەدا (٥٠) ماڵ دەبن بووە[٥].

گوندی بادەوان لە سەرەتادا سەر بەناحیەی چناران بوو، سەر بە قەزای کۆیە و سەر بە پارێزگای هەولێر بوو. بەڵام دواتر لەساڵی ١٩٥٦ ئەم ناحیەیە گۆڕا و خرایە سەر قەزای ڕانیە و پارێزگای سلێمانی، دواتر لەساڵی ١٩٥٨ بەهۆی پڕکردنی دەریاچەی دووکانەوە، ناوەندی ناحیەکە گوازراوە بۆ ناحیەی خەلەکان و قەزائ دووکان[٦].

## ٢. تۆبۆگرافیا و خەسڵەتی سرووشتی:

سەبارەت بەرزی و نزمی (تۆبۆگرافیا)، گوندی بادەوان خاکەکەی بەرزی و نزمی زۆری تێدایە، لەگەڵ ئەوەشدا، پانتاییەکی فراوانی زەوی دەگرێتە خۆی، ناوچەی دەشتاییەکانی پێک هاتوون لەدەشتەکانی ( کەڵەکن ، سورەپەل ، زەوییەقوم )، کە ناوچەی زۆر گونجاون بۆ لایەنی کشتوکاڵی. هەروەها چەند چەند چیایەک دەوری گوندەکەیان داوە لەوانە چیای (باندۆر) کە بەرزترین چیای گوندەکەیە (٦٨٦م) بەرزە لە ڕووی ئاستی دەریاوە، هەروها چیای (ڕزیو)، بەرزییەکەی ٥٤٠م بەرزە لە ئاستی رووی دەریاوە[٧].

هەروەها چەند دۆڵێک لە دامێنی بەرزاییەکانی گوندەکەدا، هەن لەوانە: کانی هەنجیر، ماین تۆپیو، مەڕوانان، زۆربەیان وەک لەوەڕگای ئاژەڵ بەکاردێن. سەبارەت بە ڕووبارەکانیش، لەگوندەکەدا ڕووباری هەمیشەیی نیە، بەڵام ڕووبارێکی وەرزی پێیدا تێپەڕ دەبێت. کە لە ئەنجامی بارانی ساڵانە و ژیانەوەی ئاوی کانی و جۆگەکان لە زستاندا دروست دەبێت، تا سەرەتای وەرزی هاوین لە سنووری گوندەکەدا دەمێنێتەوە و دواتر ئاوەکەی نامێنیت [٨]

---

([٥]) عبدالله غفور (دکتۆر)، فەرهەنگی جوگرافیای سلێمانی، چ١، چاپخانەی ئاراس، هەولێر، ٢٠٢٠ ، ل٦٤-٦٥

([٦]) چاوپێکەوتن لەگەڵ سەید خالید لەگوندی بادەوان لەریکەوتی ٢٠٢٣/١١/١٠ ، لەسالی ١٩٥١ لەدایکبووە، لە گوندی (بادەوان)، خانەنشینی سەربازییە.

([٧]) چاوپێکەوتن لەگەڵ ئازاد عەبدوڵلا لە گوندی بادەوان لەرێکەوتی ٢٠٢٣/١١/١٠ ، لەسالی ١٩٤٨ لەدایک بووە ، لەگوندی بادەوان ، خەریکی کاری کشتوکال و ئاژەڵدارییە .

([٨]) چاوپێکەوتن لەگەڵ م. هاوکار عباس لە رێکەوتی ٢٠٢٣/١١/١٠ .

گوندی بادەوان، ناوچەیەکی گەشتوگوزارییە، بەهۆی چڕی دارستان و فراوانی دەشت و دۆڵ و بوونی تاڤگەیەکی قەشەنگ، هەروها لە دامێنی تاڤگەکە، چەند کانیاوێکی ئاو هەیە، کە بە هەمیشەیی ئاوی لێ هەدەقوڵێت، بە بڕێکی زۆر و بەردەوام، ئاوەکەشی سازگارە [٩].

**٣. کەشوهەوا و سەرچاوەکانی ئاوی بادەوان:**

سەبارەت بە کەشوهەوای گوندی بادەوان، کەشوهەواکەی وەکو عێراق و کوردستان کە سەر بە هەرێمی ئاو هەوای دەریای ناوەراستە، خەسلەتەکەی بەوە جیادەکرێتەوە کە پلەی گەرما لەوەرزی زستان نزم دەبێتەوە، هەندێکجار بۆ ژێر سفر، لە هاوینیشدا گەرم دەبێت، تا ٤٠ پلەی سەدی، لەم ساڵانەی دواییدا، تا ٤٥ پلەی سەدی بەرزبووەوە. ڕێژەی بارانبارین، لەنیوەی زستانی ساڵ چڕ دەبێتەوە، تا ٣٥٠ ملم بارانی لێ دەبارێت، بەڵام لەسەر ئاستی پارێزگای سلێمانی دەکەوێتە هەرێمی ئاووهەوای هەرێمی ئەستیپێس، هەروەها لە مانگەکانی کانوونی یەکەم تا شوبات، ڕێژەیەک بەفریشی لێ دەبارێت[١٠] سەبارەت سەرچاوەکانی ئاو کە ژمارەیەکی زۆر سەرچاوەی ئاوی تێدایە وەک:

١. کانی ژنان: لە ناوەڕاستی بادەوان هەلدەقوڵێت و ئاوەکەی تا ڕاددەیەک باش بوو، جاران بۆ کاروباری ژنان و شوشتنی کەلوپەل بەکاردەهات بەسەتڵ بۆ خواردنەوە، ئاوی لێ دەبردرا و زیادەکەشی کشتوکاڵی لەبەر داکراوە.

٢. کارێزی کانی پیاوان: ئاوەکەی بۆ مزگەوت بووە و بۆ ڕەز و باخ و هەنجیر و هەنار و سەوزەواتی لەبەرداکراوە .

٣. کارێزی ماین تۆپیو: ماینێک لەنزیکی کانییەکە تۆپیوە، بۆیە بەو ناوە ناونراوە. زیاتر بۆ ئاودانی ئاژەل بەکاردەهات .

---

(٩) وەرگیراوە لە بەرنامەی کوردەواری لە گوندی بادەوان، لە کەناڵی لۆکاڵی (دەروازە) لە ڕیکەوتی ٢٠٢٢/٥/٢٩ پەخش کراوە.

(١٠) چاوپێکەوتن لەگەڵ دلشاد رەسول لە گوندی بادەوان لە ڕێکەوتی ٢٠٢٣/١١/١٠ لە ساڵی ١٩٨٧ لەدایک بووە، لە گوندی بادەوان مامۆستایە .

٤.  کارێزی کانی قوڕە: کە لای  کانی ماین تۆپیو هەڵدەقوڵا و زیاتر ئاوەکەی بۆ ئاودانی ئاژەڵ بوو.

٥. کانی قۆن هەڵدێرە: پرۆژەیٔ  ئاوی  لەسەر بنیاتنراوە و راکێشراوە  بۆ گوند، هەرچەندە بیری ئیرتوازیشیان بۆ لێ دراوە ، بەڵام تا ئیستاش  سوود لە ئاوی ئەم کانیە دەبینن.

٦. کانی  تەڵاوان:  ئاوەکەی زۆر  سوێرە  تەنها  بۆ  مەڕ  و  ماڵات  بەسودە .

٧.  کانی  سماقە:  لەسەرووی  گەلی بادەوانەوە هەڵدەقوڵێت و باخی لەبەر دا کراوە.

٨. کانی هەنجیر: کە هیچ کشتوکاڵێکی لەبەر دا ناکرێت زوو وشک دەکات.

٩. کانی سیخوان: دارێکی سیخۆی لەسەر شین بووە بەو ناوەوە  ناو نراوە کشتوکاڵی لەبەردادەکرێت .

١٠. کانی بەهارە: ئاوێکی  زۆری  هەیە  لە سەردەمانی کۆندا  توتنی  لەبەردا  کراوە[١١].

١١. سەرچاوەیەکی گرنگی  دیکەی  ئاو   هەیە،    کە پێی   دەڵێن  (رووبارەکە) سەرچاوەکەی  لە گوندی (کانی مازوو)ە،  تا بەهارێکی درەنگ  دەمێنێت، بۆ مەڕوماڵات بەسوودە، ئەم رووبارە بە گوندەکانی  کانی مازوو و  شێخ  مەنسووریان و کانی وەتمان باقلان و  بادەوان  تێپەر دەبێت.  پاشان دەچێتە ئاشی گەلی و ناحیەی خدران و دەڕژێتە دەریاچەی دووکانەوە، جگە  لەو  سەرچاوانە،  زۆربەی   ماڵەکان  بیریان  لێداوە،  کە پێی دەڵێن (کوتکە کەو)  نزیکەی ١٥  بۆ ١٦ ماڵێک دەبن.  ئەم گوندە، چەند جۆگەییێکی هەیە بۆ زەوییە بەرئاوەکانیان وەک ئەمانە: گردی گێوژێ، بەرماڵان، کەڵەکن، زێوەقوم، بامیش) تا ئیستا ئەم جۆگانە گڵن و نەکراون بە کۆنکرێت[١٢] .

---

([١١]) چاوپێکەوتن لەگەل رەسول جەلال لەگوندی بادەوان لە رێکەوتی١٠/١١/٢٠٢٣ ، لە سالی ١٩٦١ لەدایکبووە ، لەگوندی بادەوان خەریکی کاری کشتوکالی  و ئاژەڵدارییە .

([١٢]) چاوپێکەوتن لەگەڵ حەیدەر عەباس لە گوندی بادەوان لە رێکەوتی ١٠/١١/٢٠٢٣. لەسالی ١٩٨٨ لەدایکبووە ، لە ئێستادا  لە گوندی بادەوان مامۆستایە .

## ٤ . پوختەی مێژووی درووستبوونی گوندەکە :

سەبارەت بە شوێنەواری مێژووی گوندەی بادەوان، شوێنەواری زۆر لە گوندەکەدا دۆزراونەتەوە وەک: گۆڕستانی خوار گەلی بادەوان، مێژووی دروستبوونی دەگەڕێتەوە بۆ ساڵەکانی (١٧٠٠)، گۆڕستانی بادەوان، گۆرستانی خوارێ، شاهێدی ئەم ڕاستیەن، کە گۆڕستانێکی زۆر گەورەیە، بەو پێیەی بادەوان سەرەڕێ بووە، شوێنی ڕەوەند و کۆچەرییان بووە، هەر جارێک لەو ناوە کەسێک کۆچی دوایی بکردایە، لەو گۆڕستانە بەخاکیان دەسپارد، لەو گۆڕستانە گۆڕی پیاوچاکێکی تیابوو، مێژووەکەی کۆنە و بە دروستی نازاندرێت، بۆ کەی دەگەڕێتەوە. کە بەپێی بیروباوەڕی کۆن، خەڵک بۆ منداڵبوون سەردانیان کردووە، گۆڕستانی سەرووش، گۆڕستانێکی تا ڕاددەیەک نوێیە و گۆڕی کاکە برایم، باوکی شێخ بایزی باقلانی لێیە کە خەڵکی کۆن بۆ ئازاری پشت ئیشە سەردانیان کردووە، بوونی ئەو گۆڕستان و مەزارگە کۆنانە نیشانەی کۆنی گوندەکەیە، کە مێژووی دروستبوونەکەی بە دروستی نازاندرێت[١٣].

لەگەڵ ئەوانەدا، گوندەکە، چەند شوێنەوارێکی دیکەی کۆنی لێیە، وەک

١. شوێنەواری (قەڵادگە): کە دەکەوێتە خۆرهەڵاتی تاقگەی گەلی، کە ناوچەیەکی دەشتاییە تا ئێستاش چەندین ئیسک و پروسکی مرۆڤ و کەلوپەلی سەردەمانی کۆنی لێ دۆزراوەتەوە. بەهۆی لافاو و خاکڕامالین لە ژێر خاکدا دەرکەوتوون.

٢. شوێنەواری (کەڵەکن): کە ئەویش ناوچەیەکی دەشتاییە، بەڵام بەڕوونی دەردەکەوێت، کە سەردەمانێک شوێنێکی چڕی دانیشتوان بووە و چەندین شوێنەواری کۆنی لێ دەرکەوتووە.

٣. شوێنەواری (زاوا بوکان): کە بەردێکی گەورەی داتاشراوە بە بەرزی ٢٠م لە شێوەی دوو مرۆڤی لێیە، هەر بۆیەش پێی دەگوترێت زاوا بووکان، گوایە ئەمانە لە شێوەی زاوا و بووکن، چەندین شوێنەواری کۆنی تیا دۆزراوەتەوە[١٤].

---

(١٣) چاوپێکەوتن لەگەڵ شێخ حوسێن لە گوندی بادەوان لە ڕێکەوتی ٢٠٢٣/١١/١٠ . لە سالی ١٩٦٨ لەدایک بووە ، ئێستا موختاری گوندی بادەوانە.

(١٤) چاوپێکەوتن لەگەڵ دڵشاد ڕەسوول لە ڕێکەوتی٢٠٢٣/١١/١٠.

٤. ئەشکەوتی (کاک محەمەد): دەکەوێتە ڕۆرهەڵاتی تاڤگەی گەلی، لە ئەسڵدا پێی دەگوترێت (ئەشکەوتە ڕەشە)، بەڵام بۆیە پێی دەگوترێت ئەشکەوتی کاک محەمەد لە ساڵی ١٩٧٢ کاک محەمەد ناوێک خەڵکی گوندەکە، لە ترسی پەلاماری فڕۆکە، بە خێزانەوە چوونەتە ناو ئەو ئەشکەوتە و ماوەیەک لەوێ ژیاون. بەپێی شوێنەوارە بەجێماوەکان بەردێکی گەورە شکاوی شێوە تەنووری لێیە. هەروەها پێدەچێت خەزێنەیەکی گەورەی لە خشڵ و زێر لێ دەرهێنرابێت، شوێنەوارەکەی دیارە. ئەم کارەش چەند کەسانێکی شارەزا ئەنجام دراوە، کە بە نەخشەی تایبەت، بەهۆی ئامێری هەڵکۆڵین، ئەم بەردەیان دۆزیوەتەوە. ئەم شوێنە بە شوینەوارێکی مێژوویی گوندەکە دادەنرێت[١٥].

(١٥) چاوپێکەوتن لەگەڵ سەید عەبدولڕەحمان لەگوندی بادەوان لە ڕێکەوتی١٠/١١/ ٢٠٢٣ لە ساڵی ١٩٥١ لەدایک بووە، ئێستا لە گوندی بادەوان خەریکی کاری کشتوکاڵی و ئاژەڵدارییە .

## لایەنی ئابووری گوندی بادەوان

### باسی یەکەم . لایەنی ئابووریی گوندی بادەوان:

#### ١. لایەنی کشتوکاڵی:

سەرچاوەکانی ئابووری گوندی بادەوان هەمەچەشنە بووە، یەکێک لەوانە چالاکی کشتوکاڵی بووە. کە بنەمای سەرەکی ئابووری دانیشتووانی گوندنیشینی پارێزگای سلێمانیە. چونکە باردۆخە سروشتیەکەی کە خۆی لەبوونی ڕووبەرێکی گەورەی زەوی شیاوی زەوی کشتوکاڵی و زۆری سەرچاوە ئاوییەکان و گونجاوی ئاو و هەواکەیدا دەبینێتەوە، ئەمە وای کردوە، کە ناوچەکە لەبار بێت بۆ ئەم جۆرە چالاکییانە، بۆیە کشتوکاڵ لەو فاکتەرە ئابوورییە گرنگانەیە، کەکار دەکاتە سەر جیاوازی دابەشبوونی دانیشتوان و چڕیان لە بەشێکەوە بۆ بەشێکی دیکە، ئەمیش بە کاریگەری شێوازەکانی کشتوکاڵکردن و ڕێگاکانی ئاودێری و جۆری بەروبوومەکانیەتی کە ڕۆلێکی ئێجگار گەورەیان هەیە لەم جیاوازییەدا (١٦).

لەگوندی بادەوان بەرهەمی کشتوکالی جۆراو جۆری تێدا دەچێنرێت و بەرهەمی زستانە وهاوینەدەکەن بەرووبوومە بژێوییەکان کە بریتین لە ( گەنم ، جۆ ، برنج ، شوتی ، تەماتە ، پیاز ، باینجان ، بامیە ، خیار). پێداویستی ناوخۆیی پێ پڕکراوەتەوە و ئەوەی لە خۆیان زیاد بووە، ناردراوەتە دەرەوە، یاخود هەڵگیراوە بۆ وەرزێکی دیکە، سەرەڕای ئەوە ئاستەنگ و کێشانە ڕووبەڕوویان بووەتەوە، کشتوکاڵی بەپێی سیستەمی کۆن و بە ئامێری زۆر سادە ئەنجام دەدرا، وەک ئێستا نەبوو ئاوا بە ئاسانی بە ماوەیەکی کەم شتەکان بچێنرێت ، بەلکو ماوەیەکی زۆری ئەخایاند (١٧). چونکە وەکو ئیستا تراکتۆر و

---

(١٦) چاوپێکەوتن لەگەڵ شێخ ئەسوەد لە گوندی بادەوان لە ڕێکەوتی ١٢/١/ ٢٠٢٤، لە ساڵی ١٩٥١ لەدایکبووە لە گوندی بادەوان، خەریکی کشتوکاڵ و ئاژەڵدارییە .

(١٧) چاوپێکەوتن لەگەڵ کاکە ئەمین لە گوندی بادەوان لە ڕێکەوتی ١٢/١/ ٢٠٢٤، لە ساڵی ١٩٤٨ لەدایکبووە لە گوندی بادەوان، خەریکی کشتوکاڵ و ئاژەڵداریە .

خەرماشە نەبوو، بەلکو بەهێز و  تواناى، خۆیان ئەیانچاند ئامرازە سەرەکییەکان چەندین سەدەبوون نەگۆرا بوون و زەوى هەر بە هەوجار دەورى کۆن دەکێلدرا کە بەزۆر گا جووت و لە هەندیک شوێن  ئەسپ و ئیستر رائ دە کێشا گەنم و جۆ بە نۆرە ویەک لە دواى یەک پارچە زەوى دەچێنرێت  خاکیش لە دەشتایەکان بە بەیار بەجێناهێلرێت گەنم و جۆى لێ تۆ دەکرێت هەموو  ئەندامانى خێزان  بەشداردەبوون لە کارى کشتوکالکردن  و کێلان و داچاندن دا هەروەها زۆر جار کارەکانى بە هەرەوەزى ئەنجام دەدرا، بۆ نموونە درۆینەکردن لە کۆتایی پایز خەلکى چاوەروانى بارانیان دەکرد، یان سەرەتاى زستان زەوییەکانیان دەکێلا بە گاسن و وولاغ،  پاش کێلانى، تۆیان دەکرد، بەزۆرى گەنم و جۆ. لە سەرەتاى زستانەوە،  چاوەروانى  بارانیان دەکرد،  پاش باران بارین،  لە کەشى هاوینەدا، لەوکاتەدا  کە داس و شەغریان ئامادەدەکرد(١٨).

لە مانگى مایس جۆ پێرادەگەیشت و درۆینەیان دەکرد  بە  هەرەوەزى،  درۆینەکەیان ئەنجام دەدا، بە شەغرە قرشەکانیان  دەکێشاوە،  لە مانگى   حوزەیران  و تەمموز بەهەمان شێوە گەنمە کەیان درۆینە دەکرد، دەیان کرد بە جۆخین و بەرهەمە کانیان کۆ دەکردەوە بە جەنجەو ولاغ  گەنمە کەیان ئامادەدەکرد، پاش شەنەکردنى لە شێوەى وردە گەنم و کایەکەیان لێک جیادەکردەوە،  لە جۆخین  گەنمەکەیان  دەکێشایەوە  بۆ عەمبار و بەشێکیان دەفرۆشت، کایەکەش دەکێشرا، لەوە عەمباریان دەکرد، بەشێکیان بۆ سالى دووەم  هەلدەگرت و ئامادەدەکرا بۆ تۆ کردن(١٩).

وەک ئاماژەمان پێیدا، لە گوندى  بادەوان جۆگەى ئاو هەبووە هەروەها رووبارێکى پیا تێپەر دەبوو، خەلکى گوندەکە   سوودێکى زۆیان لەو جۆگەو   رووبارە دەبینى بەرووبوومى جۆراو  جۆریان دەچاند وەک و ( برنج ،  تەماتە ،  بامیە ، پیاز ، خیار ، ) لەگوندى بادەوان لەسالانى هەشتاکان تاکو ناوراستى هەشتاکان   بەهۆئ ئاوى رووبارەکان ئەوە خەلکەکەى زۆر برنجیان دەکرد(٢٠) .

---

(١٨) چاوپێکەوتن لەگەڵ رەسول جەلال لەگوندى بادەوان  لە رێکەوتى  ٢٠٢٤/١/١٢ ، لەسالى ١٩٦١ لەدایکبووە ، لەگوندى بادەوان خەریکى کشتوکال  و ئاژەڵداریە .

(١٩) هەمان سەرچاوە.

(٢٠) چاوپێکەوتن لەگەڵ ئازاد عەبدوڵلا لە گوندى بادەوان لە رێکەوتى ٢٠٢٤/١/١٢ ، لە سالى ١٩٨٤ لەدایک بووە ، لەگوندى بادەوان،  خەریکى کشتوکاڵ و ئاژەڵداریە .

جگە لەوەی باسمان کرد گوندی بادەوان دوای ئەوەی کشتوکال زیاتر پەرەی سەند خەلکەکە زۆرتر بەرەو رووی کشتوکال رۆیشت و بەهۆی باشی بەروبومەکە، بە مندالٚ و بەتەمەنەوە، خەریکی وەرزی درۆینە یان تۆکردن تیدا بەشداربوون وە جگە لە وەش خاکەکەئبەپیت بوو بە هەموو جۆرە بەرهەمەک پێویستی بە هیچ جۆرە پەینێک نەبوو وەک پاشماوەی مریشک و پەلەوەرەکان ، بۆیە خەڵکەکە کشتوکالیان بە بربرەی پشتی خۆیان زانیوە تەنیا ئەوە نەبێت لە سالی نەوەتەکان توشی هێرشی مێرووەکان و کولەکان دەبیت و زیانیکی زۆربە لق و پۆپی دارەکان درخت دەدا ، چونکە تەنیا ئەگەر هێرشی میرووەکان نەبیت ئەوە کشتوکال بەرهەمی بژێویی هەموو گوندی بادەوان پەیدادەکات و بێکیشەن ، خەلکەکە بۆ گوندەکانی دەوروبەری خۆیان رەوان کردووە نەک تەنیا بۆ خۆیان کەواتە دەکرێت بلێن وەک بازرگانیکردنێکی ناوخۆیی بچووک بووە[٢١] .

**٢ . لایەنی ئاژەڵداری :**

بە رێژەیەکی بەرچاو بەدیار دەکەوێت، کە لە گوندی بادەوان چەندها جۆرە ئاژەڵ بەخێودەکرێت، چ لەرووی بەرهەم چ لەرووی پاسەوانی و بارکردن، ئەوەی زیاتر بەرچاو دەکەوێت، بەخێوکردنی ئاژەڵە لەڕووی شیرەمەنی و بەرهەمی سپیایی، ئاژەلەکانی وەک (رەشەولاغ ، مەڕ ، بزن ، مانگا ) زۆر لە بادەوان بەرچاو دەکەون و بە خێودەکرێن ، ماستی بەتام وبەچیژ لێ دروست کراوە ،کە ماستی مەڕ و مانگا و بزنی بادەوان لە ناوچەی خەلەکان و کانی وەتمان بەناوبانگە هەروەها پەنیری کوردی و ژاژی و لۆر و فرۆ و دۆ قەیماغ و هەروەها سود لە خوری و پێستەی وەرگیراوە پاشماوەکەشی بۆ ئاگر دان بەکارهاتووە ، بزنیش وەک مەڕ چاو لەسەرەبەلام بە رێژەیەکی کەمتر ئەویش بۆ ماستو وپەنیر ، بەلام زیاتر بۆ پەنیر بەکارهاتوە مانگاش

---

(٢١) چاوپێکەوتن لەگەڵ لوقمان عەبدوڵلا لە گوندی بادەوان، لە رێکەوتی ٢٠٢٤/١/١٢، لە سالٚی ١٩٧٨ لەدایک بووە ، لەگوندی بادەوان، خەریکی کاری کشتوکال و ئاژەڵدارییە .

یەک لەو ئاژەلانەیە کە بەخیو کراوە کە شیری مانگا  و ماستەکەی وەک دیاری رەوانە کراوە بۆ خەلکی دیار [٢٢].

هەروەها دروست کردنی ماست لەو شیرە بەدەستی کابانەکانی بادەوان وەک ( پورە فاتم پورە رووناک نەنە باجی و هتد ) دەست رەنگین بوونە  هەروەها  پەنیریش بۆ مەبەستی ئەستوکە پەنیر و هەروەها پەنیر تیکەل بە ژاژی کراوە ، هەروها لە بادەوان ریژەێ ئاژەلەکانی شیردەر  ریژەیان بەم جۆرە بووە لە بادەوان لە سالآنی راگواستندا  بە( ١٢٠٠) سەر مەرِو بزن بووە (٥٠٠ ) سەر رەشولاخ و مانگای هەبوو  بەلآم لە ئیستادا رێژەکەێ  کەمترە لەچاو ئەو کاتەدا لە ئیستادا (٥٠٠) سەر مالآت و (٢٠٠) سەر رەشەولاخی هەیە ، ئەمەش لەبەر نەبوونی هەلوومەرجی  پێویستنەبوونی پزیشکی ڤێرتنەری  لەناوچەکەو نەبوونی کوتان تەنانەت بۆ پەلەوەریش[٢٣].

هەروەها ئەوئاژەلانەێ کە بۆ پاسەوانی یان بارکردن یان ئیشی جۆراوجۆربەکاردەهات ، وەک (سەگ- تاژی ) کە زۆربەی مالەکانی بادەوان وەک پاسەوان بەکاریان دەهێنا مالی وای تێدابوو ٤ سەگی هەبووە، ئەمەش  بۆ پارێزگاریکردن  لە مەرِومالآتیان شەوانە  یان لەمالو حالیان شەوانە یان لەکاتی لەوەراندنی مەرِو مالآت لەدەشت یان کاتێک شوانەکەکانی بادەوان بۆ لەوەراندن دەچوونە ناوچەێ کانی وەتمان و خدران لەگەڵ خۆیان بەزۆری دوو سەگیان دە برد بۆ پاسەوانی، یان راوەدونانی گورگ و رێوی کە هێرشیان بۆ پەلەوەر دەهێنا بۆ  مەرِ و مالآت[٢٤].

یاخود بەکارهێنانی ئاژەل و مەبەستی بارکردن وەک ( گوێدرێژ – ئەسپ ) کە  بەزۆری بەرادەیکی زۆر مالەکان گوێدرێژیان هەبوو لەگەڵ رانە مەرِ لەگەڵ دابوو  یان  بۆ مەبەستی گواستنەوە کەلوپەل یان کەلوپەلی شوانەکە یان بادەوان  ئەو کاتە ماستیان دەبردە شار بە گوێدرێژ بۆ نزیک شارۆچکەکان[٢٥].

---

([٢٢]) چاوپێکەوتن لەگەڵ هۆشەنگ تاهیر لەگوندی بادەوان، لە رێکەوتی ٢٠٢٤/١/١٢، لەسالی ١٩٨٩ لەدایکبووە، لەگوندی بادەوان ،  خەریکی کاری کشتوکال و ئاژەڵداریە .

([٢٣]) چاوپێکەوتن لەگەڵ پورە فاتم لەگوندی بادەوان لەرێکەوتی ٢٠٢٤/١/١٢ ، لەسالی  ١٩٧٦ لەدایکبووە ، لەگوندی بادەوان ،  خەریکی کاری کشتوکال و ئاژەڵداریە .

([٢٤]) چاوپێکەوتن لەگەڵ پورە حەمدیە لەگوندی بادەوان لەرێکەوتی ٢٠٢٤/١/١٢ ، لە سالّی ١٩٧٤ لەدایکبووە ، لەگوندی بادەوان ،  خەریکی کاری کشتوکال و ئاژەڵداریە .

([٢٥]) چاوپێکەوتن لەگەڵ ئازاد عەبدوڵلا لە گوندی بادەوان لە رِێکەوتی ٢٠٢٤/١/١٢.

ئاژەڵداری لە بادەوان بەردەوام بووە تائێستاش لایەنی زۆری خەلکەکە بە بەرهەمێنانی ماست و پەنیر دۆ خەریکن  بۆتە سەرچاوەێ بژێوی زۆرینەیان کە ژیانیان  لەسەر  مەڕ و  ماڵات بەرهەمی سپیایی بووە ، لەسالی هەشتاکان بە هۆێ نەخۆشی لە نێو مەڕوماڵات بەرهەم زۆر زۆر کەم بوو تەنیا ئەوانەێ چونە ناو زورگ ئەو ڕانانە دوربوون لە نەخۆشی ،  هەروەها بەرهەمی خوری کە جاری وا هەبووە لەنێو بادەوان خودی خۆێ بازرگانی پێوە کراوە  یان جاری وا هەبووە لەبەرامبەر  ماست خوریان داوە یان کەشک و پەنیر بەرانبەر گەنم و  جۆ،  هەروەها هەموو سالێک سەرەتای بەدیار  کەوتنی  ماستی مەڕ وەجبەی یەکەمی   ماستەکە وەک دیاری بۆ دراوسێکان دەنێردران، ئەو دیاردەیە لەنێوان هەمووان هەبوو ئەوەێ ماستی  هەبا ماست بەرانبەر ماست هەدیە بوو ئەوەشی نەیبا بە میوە یان خوری یان خوێ دەێناردەوە بە مانای نمەک کردنی خەلکی بادەوان ئەم دیاردەیە زۆر جوان بوو لە نێو خەکەدا[٢٦].

## باسی دووەم : لایەنی کۆمەڵایەتی :

### ١. ژن و ژنخوازی:

باس لەوە دەکرێت، لە گوندی بادەوان شێوازی (ژنبەژنی و بنپشک و شیربایی و ژنهەلگرتن) هەبووە، هەروەها دەڵێن ئەو کاتی لەگوندی بادەوان ئەگەر کەسێک بیویستبایە هاوسەرگیری پێکبێنێ، ئەوا دەبوو خوشکێکی هەبا بۆئەوەی ژنبەژنی بکات، بەڵام ئەگەر کەسێک خوشکی نەبا ژن هێنان بۆی زەحمەت بوو[٢٧].

نموونەیەکی دیار و زیندوو لەو بارەیەوە، ڕەسول جەلالە، ساڵی ١٩٨١ ژن بە ژنی کردووە، کەسایەتیکی دیاری ئەو کاتە بووە، ماوەی ٤٣ ساڵە ژیانی هاوسەرگیری پێکهێناوە. لەگەڵ هەموو ئەوانەشەدا، ژن و ژنخوازیان لەگەڵ گوندەکانی دەوروبەریان کردووە و خزمایەتیان دروستکردووە، جۆرێکی تر گەورە بە بچووک بوو، کە بە بچووکی کچەکەیان مارە دەکرد، بەبێ ئەوەی ئیزنی ئەو وەرگرن، هەروەها ئاهەنگیش ئەکرا بۆ ماوەی چەند ڕۆژێک کاتێک ئاهەنگەکە  دەکرا دەهۆڵ و زورنایان دەهێنا و خەڵکەکە

(٢٦) چاوپێکەوتن لەگەڵ پورە حەمدیە لەگوندی بادەوان لەرێکەوتی ٢٠٢٤/١/١٢، لە ساڵی ١٩٧٤ لەدایکبووە ، لەگوندی بادەوان،  خەریکی کاری کشتوکال و ئاژەڵداریە .

(٢٧) چاوپێکەوتن لەگەڵ ڕەسوول جەلال لە گوندی بادەوان لە ڕێکەوتی ٢٠٢٤/٣/١٠ .

پارەیان دەدا بەزورنا لێدەرەکە وەکو شاباش وە خەلکەکە گەورە و بچووک و پیاو ئافرەت ، هەموو خەلکی گوندەکە ئەوانەی بانگێشت بکرابان ئەوە بەشداری ئەم ئاهەنگەیان دەکرد[٢٨].

**٢. رۆلی ئافرەتان:**

ئافرەتەکانی گوندی بادەوان سەرەڕای ئەرکی قورسی ناو ماڵ، بەخێوکردن و پەروەردەکردنی منداڵیشی لە ئەستۆ بووە، هاوکات هەندێجار لەدەرەوەش شانبەشانی پیاوەکان کاریان دەکرد، وەک: دروێنەکردن و مەڕبەخێوکردن و مانگادۆشین، جگە لەوە کاری ڕستن و چنین و تەونکارییان کردووە، فەرمانی پیاوەکانیان جێبەجیکردووە بەخێرهاتنی میوانیان کردووە، تەنانەت لەدیوەخان دانیشتوون گفتوگۆیان کردووە، لەگەڵ میوانەکان هەروەها دەستڕەنگین و خاتوون بوون لە ناوەوە و دەرەوەی ماڵ، ئازادیەکی ڕێژەیی بۆ خۆی دەستەبەرکردووە، بەڵام سەرەڕای ئەوەش پابەندی دابونەریت و بەهاکان بوونە، تایبەتمەندی ڕەوشتبەرزی گوندەکەیان پاراستووە[٢٩].

**٣. پەیوەندیان لەگەڵ گوندەکانی دەوروبەردا:**

بادەوان یەکێک بووە لەوگوندانەی کە دوور بووە لە هەبوونی هەر کێشە و ناخۆشییەک و پەیوەندی ئاشتی و دۆستانەی لەگەڵ گوندەکانی دەوروبەریدا هەبوو، وەکو (کانی وەتمان، کانی مازوو، خەلەکان ، بێستانە ، خدران)، سەردانی و میوانداری یەکتریان کردووە و جیا لەوەش پەیوەندی ژن و ژنخوازیاشیان هەبوو گەر پێویستیەکان هەبا لەگوندەکەی خۆیان دەست نەکەوتایە ئەوا دەیانتوانی پیویستیەکانی خۆیان لە گوندەکانی دراوسێیان دەستەبەر بکەن، و ئەوانیش بەگیانێکی فراوان یارمەتیان پێشکەش دەکردن، وەک حەیدەر عەباس، کە باسی دانیشتوانی گوندەکە دەکات دەلێت: دانیشتوانی گوندی بادەوان هەموویان لەشێخی گلەزەردن کە بەئەسڵ لەسلێمانیەوە هاتوون بە شێخی بەرزنجی ناونراون لەگوندەکەدا نیشتەجێ بوون ئەم گوندەیان ئاوەدان کردۆتەوە[٣٠]

---

(٢٨) هەمان سەرچاوە.

(٢٩) چاوپێکەوتن لەگەڵ پورە حەمدیە لە گوندی بادەوان لە ڕێکەوتی ٢٠٢٤/٣/١٠ .

(٣٠) چاوپێکەوتن لەگەڵ حەیدەر عەباس لە گوندی بادەوان لە ڕێکەوتی ٢٠٢٤/٣/١٠ .

**تەوەری سێیەم /**

## دۆخی سیاسی و ڕۆشنبیریی گوندی بادەوان

## ۱۹۵۸-۲۰۰۳

دەربارەی باردۆخی سیاسی گوندی بادەوان وەکو هەموو ناوچەکانی دیکەی کوردستان خەڵکەکەی دووچاری شەڕ و ویرانکردن و ئازار مەینەتی بووبوونەوە. خەلکی گوند لە پێناو هەستی کوردایەتی و نیشتمان پەروەری بەردەوام لەخەبات و ڕۆڵگێران دابوون کەم تا زۆر رۆڵی خۆیان گێراوە لە زۆرینەی راپەرینە کوردییەکان.

### باسی یەکەم. شۆڕشی ١٤ تەمووزی ١٩٥٨ و کاریگەری لەسەر گوندی بادەوان:

بەرەبەیانی ڕۆژی ١٩٥٨/٧/١٤ ڕادیۆ بەغدا موژدەی نەمانی ڕژێمی پاشایەتی لە عێراق و هاتنەسەر کاری دەوڵەتی کۆماریی عێراقی ڕاگەیاند. لە یەکەم بەیاننامەی شۆڕشدا کە لەلایەن عەبدولکەریم قاسم وەک فەرماندەی گشتیی هێزە چەکدارەکانی عێراقی بڵاوکرایەوە، بەڵێنی ماف و ئازادییان بە خەڵکدا. بە بیستنی ئەو بەیانە، گەلی کورد لە باشوری کوردستان ڕابوو، نوقلّیان بڵاوکردەوە و بە شایی و هەڵپەڕکێ جەژنیان گرت و ئەو ڕۆژەیان پیرۆز کرد. کودەتای ١٤ی تەموزی ١٩٥٨ کە لەنێو بەشێک لە خەباتکارانی کورددا بە شۆڕش ناو دەبردرێت، لە پرۆسەی خەباتێکی خوێناویی دەیان ساڵەدا بەئەنجام گەیشت، لە سەردەمی کودەتای تەموزدا، سەرۆک مستەفا بارزانی لەگەڵ ٥٠٠ هاوڕێی لە یەکیەتی سۆڤیەت بوو. ڕاوێژکاری بەشی پێوەندییەکانیان کۆمیتەی ناوەندیی حیزبی کۆمونیستی یەکێتی سۆڤیەت، (ڤۆلۆشین) کە ئەرکی پێوەندییەکانی لەگەڵ بارزانی لەسەرشان بوو، هەواڵی شۆڕشی ١٩٥٨/٧/١٤ی عێراقی بە بارزانی ڕاگەیاند. ئەوە هەواڵێکی هەرە خۆشبوو بۆ بارزانی و هەڤاڵانی کە دەیتوانی چارەنوسیان بگۆڕێت و دوای نزیک بە ١٣ ساڵ دووریی لە وڵات بگەڕێنەوە و لە نزیکەوە بۆ ماف و ئازادیی و ڕزگاریی گەل و وڵاتەکەیان تێبکۆشن[٣١]. رۆلی گوندی بادەوان وەک هەموو گوندەکانی تر و شار و

---

[٣١] چاوپێکەوتن لەگەڵ سەید عەبدولڕەحمان لەگوندی بادەوان لەرێکەوتی ٢٠٢٤/٢/٩ ، لە ساڵی ١٩٥٤ لەدایکبووە ، لەگوندی بادەوان ، خانەنشینی سەربازییە .

ناوچەکانی دی  پشتگیریان بۆ شۆرش هەبوو لایان باش بوو کۆتایی بەدەسەڵاتی پاشایەتی بێت و سەردەمێکی نوێ بە نێوی کۆماری بێتە کایەوە، کە ئەو کات وەک قاڵای ئازادی سەیر دەکرا(٣٢).

**باسی  دووەم. شۆڕشی ئەیلوولی ١٩٦١-١٩٧٥ ) کاریگەری لەسەر گوندی بادەوان:**

سەبارەت بە شۆرشی ئەیلوول شۆرشێکی  گرنگی باشوری کوردستان  کە (١١ ئەیلولی ١٩٦١) هەڵگیرسا، شۆڕشێکی سەرتاسەری بوو، بە ڕابەرایەتی مەلا مستەفا بارزانی دەستیپێکرد، لە پێناو بەگژداچوونەوەی نادادییەکانی ئەو  سەردەمەی  ڕژێمی عێراق  بوو  دژ بە کورد، بۆ نموونە شەڕی سەفین ١٩٦٥ و هەندرێن ١٩٦٦، هەر لە ماوەی ئەم شۆڕشەدا هەڵگیرسا(٣٣).

سەبارەت بە گوندی بادەوان، دوو پێشمەرگە بە ناوکانی شەماڵ و سەرباز، ساڵی ١٩٦٥ لە شەڕێکدا نزیک گووندی بادەوان ڕووبەڕووی هێزێکی سوپای عێراقی بوونەوە، لە شەڕێکی دەستەویەخەدا، زیانێکی زۆریان بە سەربازانی عێڕاق دا. لەدوای چالاکیی ئەم دوو پێشمەرگەیە، کە ڕژێمی بەعس پێیزانی ئەوا گوندی بادەوان و گوندەکانی تری نزیک بادەوان هەمووی توشی ڕاگواستن و کاولکاری کردن. خەڵکانی گوندەکە هەمووی ڕاگوێزران بۆ شار و شارۆچکەکانی ڕانیە و حاجیاوە بۆ ماوەی چەند سالێک لەسەر ئەو چالاکیەی پێشمەرگە و پارتیزانیەیەکەیان. هەر سەبارەت بە ئەنجامی شەرەکە لەوکاتەدا ڕژێمی بەعس هەردوو پێشمەرگە شەمال و سەربازی هەر لەنێو گوندی بادەوان شەهید کرد و کۆتایی بەو چالاکیەکە هێنا .

هەر سەبارەت بە ڕۆڵی گوندی بادەوان  لەم  شۆرشەدا  بایەخی  کەم  نەبوو، چونکە زۆرترین لاوی گوند بەشداریان تیادا کردووە، لەوانە وەک: عومەر ئەحمەد، نوری سلێمان، عبداللە عمر، ڕەئوف سلێمان، خەلکی گوندی بادەوان لەپێناو کوردایەتی چەندین قوربانیان داو و ئازار و ئەشکەنجەی  زۆریان لەدەست  حزبی بەعس  چەشتووە  وەکو هەموو گوندەکانی  کورستان  بێ بەش نەبوونە لە  پەلاماری ڕژێمی  بەعس،  بەهۆی  داڵدەدانی

---

(٣٢) چاوپێکەوتن لەگەڵ شێخ حوسێن  لەگوندی بادەوان لەریکەوتی ٢٠٢٤/٢/٩.

(٣٣) هۆشەنگ سالح نەجاڕ (دکتۆر)، شۆڕشی ئەیلول لە بڵاوکراوە و ڕۆژنامە عێراقییەکاندا، دەزگای ئینسیکلۆپیدیای پ.د.ک، هەولێر، ٢٠٢٣، ل ٣٣،

(پێشمەرگەی کوردستان) شەری  تیادا ئەنجام دراوە، چەندین ئافرەت و پیر و گەنج و منداڵ بوونەتە قوربانی[٣٤].

**باسی سێیەم. شۆڕشی نوێ و گوڵان (١٩٧٦ – ١٩٨٠) کاریگەری لەسەر گوندی بادەوان:**

شۆڕشی گوڵان، قۆناغێکی نوێی خەباتی ڕزگاریخوازی گەلی کوردە، بەراورد بە شۆڕشەکانی دیکەی پێش خۆی، خاوەنی کۆمەڵێک خەسڵەت و ئایدیای تایبەتە. ڕاستە شۆڕشی گوڵان تەواوکەری  شۆڕشی  ئەیلوولەو لەپێناو  هەمان ئەو ئامانجانەی کە شۆڕشی ئەیلوول خەباتی بۆ دەکرد،  بەدیهات، بەڵام بارودۆخ و قۆناغی هەڵگیرساندنەوەی شۆڕشی گوڵان جیاواز بوو، شۆڕشی گوڵان لە بیست وشەشی مانگی گوڵان لە ساڵی ١٩٧٦ لەلایەن چەند پێشمەرگەیەک بەسەرپەرشتی و سەرکردایەتی مەسعود بارزانی و ئیدریس بارزانی هەڵگیرسا[٣٥].

پارتی دیموکراتی کوردستان (سەرکردایەتی کاتی)، بەیاننامەی بڵاوکردەوە تیایدا داوای لە گەلی کورد کرد هاوکاری شۆڕش بن،  بۆبەرەنگاربوونەوەی ڕژێمی بەعس، ئەگەرچی  ڕۆژانی  هەڵگیرساندنی شۆڕش سەخت و دژواربوون ، بەتایبەت لەوکاتانەدا بوو کە ڕژێم ئیمزای  پاشکەشەی  بۆ ڕژێمی  پاشایەتی  ئێران  کرد، لە ڕێکەوتنی (ڕێکەوتنی جەزائیر ساڵی ١٩٧٥) ناسرا، و لایەنێکی گرینگی سنووری، هەروەها  بەشێکی زۆری (چۆمی عەرەبی) پێشکەش بە ئێران کرد، کە ئەمەی دوایی ئامانجی ئێران بوو، هەڵگیرساندنی شۆڕش دەنگ و سەدایەکی یەکجار زۆری چ لە ناوەوەی شار و گوندەکان یاخود لە دەرەوەی وڵاتیش دایەوە، بووە هۆی دووبارەبوونەی هیوا و ئومێد بۆ پرسی ڕەوای کورد، ئەم شۆڕشە  دوای  ساڵێک لە بەستنی ڕێکەوتنی جەزائیر، واتە ساڵی ١٩٧٦ هەڵگیرسا، بەمەش ناوچەکانی کوردستان دووبارە بوونە جێگای خەباتی پێشمەرگایەتی گەلی  کوردستان، لە ماوەی  ناوەڕاستی هەفتاکان و هەشتاکانی سەدەی بیستەمدا[٣٦].

---

(٣٤) چاوپێکەوتن لەگەڵ سەید خالید  لەگوندی بادەوان لەرێکەوتی ٢٠٢٤/٢/٩ ، لە ساڵی ١٩٥٤ لەدایکبووە ، لەگوندی بادەوان ، خانەنشینی سەربازییە .

(٣٥) مەسعود بارزانی، بارزانی و بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی کورد- شۆڕشی گوڵان ١٩٧٥-١٩٩٠، ب٤، هەولێر، ٢٠٢١، ل١٠٠-٢٦٩.

(٣٦) هەمان سەرچاوە، ل٢٥٥.

ڕۆلی گوندی بادەوانیش لە شۆرشی نویٚ و گوڵاندا بیٚ بایەخ نەبوو، هەر وەک چەندین پیٚشمەرگە بەشداریان تیادا کردبوو، وەک ئەوەی باس دەکریٚت لە ڕووبەڕووبوونەوەی پیٚشمەرگەو بەعسدا لەناوچەیەک بوو بەناوی خەرمانان نزیک گوندی بادەوان لەو شەرەدا رۆلی بەرزیان بینی بۆ ماوەیەک هیٚرشەکانی بەعسیان راگرت دواتر دووچاری هیٚرشی گەورەتر هاتن و لە سالی ١٩٨٠ گوندەکایان کاول کرد و خەلکەکەی دووبارە راگویٚزران بۆ شار و شارۆچەکانی دەوروبەری گوندەکە[٣٧] .

## باسی چوارەم / دۆخی سیاسی گوندی بادەوان ( ١٩٨٠ -١٩٩١):

دەربارەی باردۆخی سیاسی گوندی بادەوان، لە نیٚوان سالانی ١٩٨٠-١٩٨٨ وەکو هەموو ناوچەکانی تری کوردستان خەلکەکەی دووچاری شەڕ ودەربەدەرکردن ویٚرانکردن ئازار و مەینەتی ببونەوە، خەلکی گوند لەپیٚناو هەستی کوردایەتی نیشتمانپەروەری بەردەوام لەخەبات و رۆلگیٚران دابوون، کەم تا زۆر رۆلی خۆیان گیٚراوە، لەزۆرینەی راپەرینەکوردییەکان بەشداریان کردووە، چەندین شەهیدیان بە کوردستان بەخشیوە، ئەگەر باسی لایەنی سیاسی گوندی بادەوان بکەین ئەوە بەدەر نەبوو لەشەڕ و شۆر و گرفتی سیاسی یاخود بڕیارە سیاسیەکانی حکومەتی عیٚراق پەیرەو دەکەن ، کاریگەریان هەیە لەسەر دابەشبوونی دانیشتوان و ئاراستە کردنیان بۆ نیشتەجیٚبوون لەناوچەیەکی دیارکراودا ئەمەش هۆکاریٚکە بۆ زیادبوونی ژمارەی دانیشتوان و گۆرانی هاوسەنگی دابەشبوونیان لەنیٚو بەشەکانیاندا[٣٨].

گوندی بادەوان بەهۆی ڕژیٚمی بەعس سالی ١٩٨٢ تیٚکچووە. زۆربەی خەلکەکەی بەرەو کۆمەلگا زۆرە ملیٚ و شارەکان ئاوارەبوون ئەوکات ژمارەی دانیشتوانەکەی نزیکەی ٢٠٠ کەس دەبوون دووبارە ئەم گوندە سالی ١٩٩١ دوای ئازادبوونی لە ئەنجامی راپەرین دژی حکومەتی عیٚراق دووبارە ئاوەدان کرانەوە خەلکەکەکەی وردە وردە لەشار و کۆمەلگا زۆرەملیٚکان بەرەو گوندی بادەوان گەرانەوە[٣٩]. ڕژیٚمی بەعس ئەو سیاسەتانەی گرتبووە بەر بەئامانجی ئەوەی گورزیٚک لە پیٚشمەرگە بدات و شۆرشی

---

([٣٧]) چاوپیٚکەوتن لەگەڵ رەسوول جەلال لە ریٚکەوتی ٢٠٢٤/٢/٩ لە گوندی بادەوان.

([٣٨]) چاوپیٚکەون لەگەڵ سەید خالید لە ریٚکەوتی ٢٠٢٤/٢/٩ لە گوندی بادەوان.

([٣٩]) هەمان سەرچاوە.

کوردی کۆتایی پێبێنیت، بەڵام هیچ یەکێک لەم سیاسەتانەی وای نەکردووە خەڵکی گوند بگۆڕن بەلکو هەموو کات لەگەڵ شۆڕش دابوون و بە ئاشکرا و بە نهێنی هاوکاری پێشمەرگەیان کردووە[٤٠]

سیاسەتی ڕژێمی بەعس زۆر ورد بوو سیخوڕی دەنارد بۆ گوندەکانی ناوچەی خەلان بۆ ئەوەی بزانن کێ پێشمەرگەیە یاخود یێن ئەوانەی یارمەتی پێشمەرگە دەدەن لە ماڵی کێ دەمێننەوە، یان پێشمەرگە چ جۆرە چەکێکیان لایە و چی دەخۆن و کەی دەخەون و چۆن دێن بۆ گوندەکان و لەچ کاتێکدا، بۆ ئەم مەبەستە چەندین جار هاتوونەتە گوندی بادەوان و سۆراغی پێشمەرگەیان کردووە[٤١].

هەڵوێستی گوندی بادەوان لە شۆرشی تازەدا (١٩٨٠-١٩٨٨) ، بەتایبەت بەرامبەر هێزەکانی حزبی سۆشیالیست و یەکێتی نیشتیمانی و پارتی دیموکراتی کوردستان زۆر هاوکارانە بووە و چینی جووتیارانی گوندی بادەوان هەمووکات لەگەڵ شۆڕش بوونە لە خەمی هاوکاری شۆرش بوونە، تا رادەیەکی زۆر هاوکاری ماددی مەعنەویان کردووە، لەڕووی خواردن و جلوبەرگ و هەر پێداویستیک لەتوانایان هەبوایە، بەخشیویانە، لەلایەن خەلکی گوند لە شەوان و شوێنی حەوانەوە بۆ پێشمەرگەکان دابینکراوە ئەوکاتە چاوی ڕژێمی بەعس لەسەر گوندەکە بوو بۆ ئەوەی یارمەتی پێشمەرگە نەدرێت، چونکە دەیانزانی لەلایەن خەلکی گوند یارمەتی پێشمەرگە و شۆرش دەدرێن[٤٢]

هەر لە کۆنەوە گوندی بادەوان لە رووی سیاسییەوە رۆلی بەرچاوی هەبوو لە رووی خەباتی کوردایەتییەوە، کە ئەم سنوورە زۆر لە پێشمەرگە قارەمانەکان و خزم و کەس و کاری پێشمەرگەی تێدا بوو، زۆرجار پێشوازی گەرم و تایبەت لە پێشمەرگە قارەمانەکان دەکرا. گوندی بادەوان لەو کاتەوە خاوەن سەرکردەی خۆیان بوون، کە ئەو کاتە سەرکردەیەک بەناوی رەئوف جەلال سەرکردە بوو هەموو فەرماندە سیاسی جوڵە سیاسیەکانی ناوچەکەی بەڕێوە دەبرد. رەئوف لەم سنوورە ببوە هۆی هەراسانکردنی حکومەتی بەعس. بۆیە دامودەزگاکانی هەواڵگری زۆر بەدوای بوون کە دەستگیری بکەن،

---

(٤٠) هەمان سەرچاوە.

(٤١) چاوپێکەوتن لەگەڵ شیخ ئەسوەد لە گوندی بادەوان لە ڕێکەوتی ٢/٩/ ٢٠٢٤.

(٤٢) هەمان سەرچاوە.

چەندینجار خەڵکیان بەپارە دەگرت بۆ ئەوەی هەواڵ و جموجۆڵەکانی ڕەئوف و هێزی پێشمەرگە و خەڵک و دایک و باوکی پێشمەرگەکانی ئەم ناوچەیە بۆ حکومەت بگوازنەوە. دوای هەشت ساڵ لە جەنگی نێوان عێراق – ئێراندا حکومەتی بەعس کەوتە گیانی خاکی کوردستان و گەلی کورد کە یەکێک لە ڕەفتارە هەرە خراپەکان پرۆسەی هێرشەکانی ئەنفال بوو کە بە چەند قۆناغێک تێپەڕی و زۆربەی گوند و ناوچەکانی کوردستانی گرتەوە و لەنێویاندا گوندی بادەوانیشی گرتەوە[٤٣].

## ٥. بادەوان و ڕپەڕینی بەهاری ١٩٩١ لە کوردستان:

لە ئەنجامی ئەو زوڵم و زۆردارییەی ڕژێم بەرامبەر بە گەلانی عێراق بەگشتی و بەتایبەت بەرامبەر بە نەتەوەی کورد، لەناوخۆی عێراق بەکاریهێنا و وابەستەبوونی ڕژێم بە جەنگی (٨) ساڵ لەگەڵ ئێران و هێرشکردنە سەر کوێتی دراوسێ، لە بەرەبەیانی ١٩٩٠/٨/٢ کە لەسەرەڕۆییەکی دیکەدا سوپای عێراق لە چەند سەعاتێکدا کوێتی داگیرکرد، داگیرکردنی کوێت وەکو دەسەڵاتدارانی حکوومەتی عێراق پێیان وابوو وا دەرنەچوو، بەڵکو بە پێچەوانەی بیروڕاکانی وان دەرچوو، ڕژێم لە کوێت دەستی کرد بەکاولکردن و وێرانکردنی ئەو وڵاتە بەڵام لە ماوەی چەند مانگێکدا هاوپەیمانیەتێکی نێودەوڵەتی بەسەرکردایەتی ئەمەریکا پێکهێنرا لە هێرشێکی فراواندا سوپای عێراق لە کوێت وەدەرنرا[٤٤]، دوای پەیدابوونی ئەو بۆشاییە سیاسیە لەعێراقدا ڕێگای خۆشکرد بۆ بەرپابوونی ڕاپەڕینێکی جەماوەری گەورە بۆ ڕزگاربوون لەو دەسەڵاتە زۆردارییەی حیزبی بەعس کە ئەمە بووە مایەی ئەوەی ڕاپەڕینی جەماوەری سەرهەڵبدات، هەروەها یەکێکی دیکە لە هۆکارە سەرەکیەکانی ڕاپەرین دەگەڕێنەوە بۆسەر هێزی پێشمەرگە و حیزبەکانی بەرەی کوردستانی[٤٥]، بەمەش سەرجەم ناوچەکانی کوردستان بەهاری ١٩٩١یان بەدەرفەتێکی زۆرباش دانا بۆ نوێبوونەوەی دەسەڵات و ڕزگاربوون لە دەسەڵاتە

---

(٤٣) چاوپێکەوتن لەگەڵ کاکە ئەمینی باداوانی لەگوندی بادەوان لە ڕێکەوتی ٢/٩/ ٢٠٢٤، لەساڵی١٩٤٨ لەدایکبووە لەگوندی بادەوان، خانەنشینی سەربازییە.

(٤٤) کەوسەر عەزیز گەلاڵی، باشووری کوردستان لە ساڵی ١٩٥٨ەوە تا ئەمڕۆ، چ١، چاپخانەی کاروان، هەولێر، ٢٠٠٩. ل١١١.

(٤٥) عبدالرزاق مەرزنگ، ڕاپەرین و بەهاری ئازادی، چاپخانەی ڕەنج، سلێمانی،٢٠٠٤، ل١١.

ستەمکارییەکە بۆیە سەرجەم ناوچەکان بەشداربوون لە ڕاوەدوونانی حیزبی بەعس لە ناوچەکانیان و ئازادکردنیان.

لە ڕێکەوتی ١٩٩٠/٦/٢٧ لەلایەن فرۆکەکانی رژێمی بەعس گوندی بادەوانیان بۆردومان کرد و ماڵی کاک نەسرەدین تەها سوتێنرا، بەڵام خۆشبەختانە کەس نەمرد، بەڵام زیانی ماددی هەبوو، ئەمە بووە هۆکاری ئەوەی کە دووبارە خەلکەکەی ئاوارەی شارو شارۆچکەکان بوون، گوندەکەیان چۆل کرد. لە سالی ١٩٩١ کە جەماوەری خەلکی کوردستان لە دژی خراپەکاری توندوتیژیەکانی حکوومەتی بەعس راپەرین و خەلکی گوندی بادەوان لە راپەرینەکە بەشدار بوون دژی رژێمی بەعس چەکیان هەلگرت، لە هەمان سالی کۆرەوەکەی ١٩٩١/٣/٣١ خەلکی گوندی بادەوان دووبارە ئاوارەی وڵاتی ئێران بوون لە شاری شنۆ نیشتەجێ بوون و هەندێکی تر لەرێگادا بوون، کاتێک حکومەتی عیراق لێبوردنی گشتی دەرکرد، خەڵکەکە گەڕاوە گوندەکە و ئاوەدان کرایەوە. هەر لە ساڵی لە ١٩٩١ چەند پێشمەرگەیەک لە ناو گوندی بادەوان لە لایەن رژێمی بەعسەوە گیران وەک سەید رەسول و سەید خالید دواتر بەبەر لێبوردن کەوتن یەکێک لەو کەسانەی شەهید بوو یاسین بوو کە پێشمەرگە بوو لەلایەن رژێمەوە کوژرا هەروەها کاتێک لە ساڵی ٢٠٠٣ رژێمی بەعس رووخا خەلکێکی زۆر لە گوندەکانی دەوربەری گەڕانەوە گوندەکە و لەوێ مانەوە تاوەکو باردۆخەکە ئارام بۆوە، دوای نەمانی مەترسی چونەوە سەرماڵ و حاڵی خۆیان.

**باسی دووەم . لایەنی رۆشنبیری :**

**١. خوێندن و خوێندەواری:**

سەرەتای خوێندن لە گوندی بادەوان لە سالی ١٩٧٧ دەستی پێکردووە، بەڵام پاشان گوندەکە لە ساڵانی هەشتاکان لەلایەن ڕژێمی بەعسەوە رووخێنرا و لێیدرا، دواتر لە ساڵی ١٩٩٢ تیادا قوتابخانەیەکی چوار پۆلی تیادا دروست کرا تا پۆلی شەشەمی سەرەتایی خوێندنی تیا دەست پێ دەکاتەوە سەرەتا قوتابخانەکە لە کابینە بوو بەڵام دواتر لەگەڵ نوژەنکردنەوەی کرا دیوارو پۆلی گەورەتر لە سالی ١٩٩٩، یەکەم دوو مامۆستای سەرەتای گوندی بادەوان کاوە حوسێن علي و کاوە حوسێن بوو کە خەلکی سلێمانی بوون، دەستیان بەوانەوتنەوە کرد لە قوتابخانەکەدا، لە پێشوودا زۆربەی مامۆستاکان لەدەرەوەی گوندەکە بوون، بەڵام لە ئێستادا زۆربەی مامۆستاکان لە نێو خودی

گوندەکەدا هەلکەوتووە و خزمەت بە گوندەکە دەکەن، وەک م. هاوکار و م .سالار م. سۆزان. سەبارەت بە ڕێژەی قوتابی لەسەرتادا باش نەبوو، بە هۆی کەمی خزمەتگوزاری و ڕژێمی بەعس و کەمی مامۆستاش، بەڵام دواتر بەرە بەرە پێشکەوتنی بە خۆیەوە بینیەوە ژمارەێ مامۆستا و قوتابی زیادی کردوە ، لە ئیستادا ٣٢ قوتابی سەرەتائ هەیە لە گوندەکەدا . دواتر دەچنە کانی وەتمان بۆ خوێندنی سانەویی و دواتر بۆ زانکۆکانی کوردستان بەتایبەت زانکۆێ راپەرین[٤٦]

**٢. خوێندنی حوجرە:** لەگوندی بادەوان سەرەتای دروستبوونی مزگەوت دەگەڕێتەوە بۆ سالی ١٩٣٧ دروستکراوە، یەکەم مەلای ئایینی مەلا نوری بووە، چەند ساڵێک پێش راگواستن، لەم گوندەدا حوجرە هەبووە، کە مەلا هیدایەت دەرسی ئایینی وتووتەوە چەندین فەقێش هەبوونە لەگوندەکەدا فەقێ ئەحمەد و فەقی یاسین و فەقی عبدالله[٤٧].

---

(٤٦) چاوپێکەوتن لەگەڵ م.هاوکار عباس لە گوندی بادەوان لە ڕێکەوتی ٢٠٢٣/٣/١٠.

(٤٧) چاوپێکەوتن لەگەڵ م. محمد شاڵی لە گوندی بادەوان لە ڕێکەوتی ٢٠٢٣/٣/١٠، لەسالی ١٩٧٦ لەدای بووە لە گوندی بادەوان، مەلای گوندی بادەوان ..

## ئەنجامی توێژینەوە:

١. راوبۆچوونێکی زۆر هەیە دەربارەی ناوی گوندەکە. بەڵام لەدوای لێکولینەوەیەکی زۆر لەو بابەتە، بۆمان دەرکەوت کە ناوی گوندی بادەوان لەشوێنگەی جوگرافیاکەیەوە ناوی هاتووە، کە شوێنەکەی خالّی بادانەوە یان سووڕانەوەیە بۆ ناوچەی خەلان.

٢. خەلکی گوندی بادەوان لەئەنجامی خراپەکارییەکانی رژێمە یەک لەدوای یەکەکانی عیراق تووشی ئاوارەیی و سوتانی گوند و دەربەدەری بۆردومان کردنی گوند بونەتەوە .

٣. داهاتی سەرەکی و بژێوی ژیانی خەلکی گوندی بادەوان کشتوکال و ئاژەلداری بووە، ئەوەش  بۆ بەپیت و بەرەکەتی خاکەکەی دەگەریتەوە .

٤. بەهوی پەیوەندی باش لەگەڵ گوندەکانی دەوربەری کە پەیوەندی کۆمەلایەتی زۆرباش لەنیوانیان هەبووە وەک ژن و ژنخوازی و بۆنە ئایینیەکان لەکاتی ناخۆشی و خۆشی و هاوکاری یارمەتی یەکتری بوونە .

٥. رۆلی ئافرەت لەو سەردەمەدا دەورێکی گرینگیان گێراوە لە یارمەتیدانی هاوسەرەکەیان و کاروباری ماڵ و پەروەردەکردنی منداڵ و ئیشکردنی لەدەرەوە .

٦. زۆربەی خەڵکی بادەوان لەسەرەتادا نەخوێندەوار بوون، ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ نەبوونی قوتابخانە لە ساڵە زووەکاندا، بەڵام کەسایەتی زۆر بەتوانای تێدا هەڵکەوتووە تەنانەت لەکاتی ئێستاشدا کەسایەتی وای تێدایە کەتاکی زۆر بەسوودی کۆمەڵگای کوردین.

٧. بنەچەی خەلکی بادەوان هەموویان لە شیخی گلەزەردن کە بەئەسل لە سلێمانی هاتوون گوندەکەیان ئاوەدان کردۆتەوە کە بە بەرزنجی ناسراون .

**ليستی سەرچاوەكان:**

**يەكەم. كتێبەكان**


- ئینسکلۆ پیدیای هەولێر، چ١، ب١، چاپخانەی گرین گالۆری، لوبنان، ٢٠٠٩.
- عبدالرزاق مەرزنگ، ڕاپەرین و بەهاری ئازادی، چاپخانەی ڕەنج، سلێمانی، ٢٠٠٤.
- عەبدوڵلا غفور (دكتۆر) ، فەرهەنگی جوگرافیای سلێمانی ، چاپی یەكەم ، شوێنی چاپ هەولێر ، سالی چاپ ٢٠٢٠ .
- عەبدوڵلا غفور (دكتۆر)، گوندەكانی باشوری كوردستان ، چاپی یەكەم ، شوینی چاپ هەولێر ، سالی چاپ ٢٠٠٥ .
- كەوسەر عەزیز گەلاڵی، باشووری كوردستان لە ساڵی ١٩٥٨وە تا ئەمڕۆ، چ١، چاپخانەی كاروان، هەولێر، ٢٠٠٩.
- مەسعود بارزانی، بارزانی و بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی كورد- شۆڕشی گوڵان ١٩٧٥-١٩٩٠، ب٤، هەولێر، ٢٠٢١.
- هۆشەنگ ساڵح نەجار (دكتۆر)، شۆڕشی ئەیلوول لە بڵاوكراوە و ڕۆژنامە عێراقییەكاندا، دەزگای ئینسیكلۆپیدیای پ.د.ك، هەولێر، ٢٠٢٣.


**دووەم. چاوپێكەوتنەكان**

**(هەمووی لە گوندی بادەوان ئەنجام دراوە)**

- ئازاد عەبدوڵلا لە ٢٠٢٣/١١/١٠ .
- پورە حەمدیە لە ٢٠٢٤/١/١٢ .
- پورە فاتم لە ٢٠٢٤/١/١٢ .
- حیسامەددین جەواد لە ٢٠٢٣/١٠/٢٧
- حەیدەر عباس لە٢٠٢٣/١١/١٠ .

- دڵشاد ڕەسول له ٢٠٢٣/١١/١٠.
- دڵشاد ڕەسول لە ٢٠٢٣/١١/١٠.
- ڕەسول جەلال لە ٢٠٢٤/٢/٩.
- سيد عبدالرحمان لە ١١/١٠/ ٢٠٢٣.
- سيد عبدالرحمان لە ٢/٩/ ٢٠٢٤.
- سەيد خاليد لە ٢٠٢٣/١١/١٠
- شێخ حوسێن لە٢٠٢٣/١١/١٠
- شيخ ئەسوەد لە ١/١٢/ ٢٠٢٤.
- كاكە ئەمين لە ١/١٢/ ٢٠٢٤.
- لوقمان عبدالله لە ٢٠٢٤/١/١٢ .
- مامۆستا محەمەد شاڵی لە ٢٠٢٣/٣/١٠.
- مامۆستا سالار ڕەسول لە ٢٠٢٣/١١/١٠ .
- مامۆستا هاوكار عەباس لە ٢٠٢٣/١٠/٢٧.
- هۆشەنگ تاهير لە ٢٠٢٤/١/١٢ .


## پاشکۆ

## چەند وێنەیەکی گوندی بادەوان

وێنەی ژمارە (١)



وێنەی ژمارە (٢)



**وێنەی ژمارە (٣)**



**وێنەی ژمارە (٤)**

